# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

**لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە رێی کرانەوە و پەیبردن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراوێزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێروانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێروانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەروانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەرو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگەو لە رێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەرو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە رێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە روو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە رۆژگاری ئەمرۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : رێبوار رەزا چوچانی :** rebwarreza1983@yahoo.com

.................................................................................................

" 5 "

## گەنج و پێوەندی نێوان پێڵاوو وڵات

## (لە پێڵاوەکانم زیاتر شتێك بە وڵاتەکەمم نابەستێتەوە)

محمد ماغوت

رێبین رەسوڵ ئیسماعیل



وەکو دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ماوەیەکە کۆچی گەنجان رووەو هەندەران سەری هەڵداوەتەوە، دیسان وەکو ساڵانی پێشووتر بازاڕی قاچاخچییەکان گەرم بۆتەوەو رێگای سەرسنووری تورکیاش ئاوەدانەو وەکو ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشدا دەبینین و دەبیستین، ڕەنگە ڕۆژانە بەدەیان کەس لەو ڕێگاو سەرسنوورەوە دەسگیر بکرێن، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەگەر لەماوەی سەردەمی ڕژێمی بەعس و پێش ڕووخانی ئەو ڕژێمە خەڵك لەبەرنەبوونی ئایندە رایان دەکرد، خەڵك وولاّتیان جێدەهێشت و کۆچیان دەکرد، چونکە رووناکیان نەدەبینی، چونکە خەونی ئەوان لە خەونی حکومەت و حزبی کوردی گەورەتر بوو، ئەو هەناسە بەناو ئازادەی لێرە هەبوو سینەی ئەوانی پڕ نەدەکرد و وێڵی ئەوە بوون ئەگەر تەنیا بۆ ڕۆژێکیش بێت، بە ئازادانە دوو قسەی حەق بکەن، بەبێ

ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێت زیندانی بکرێن، یا هەڕەشەی زمانبڕین و کوشتن و بێسەرو شوێن بوونیان لێبکرێت.
ئەوە ئەمڕۆ بەقسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوشەکە تەواو جیاوازە، وڵات بە هەشتەو بۆتە وەرشەیەکی کارو گەشەکردنێکی ئابووری گەورە هەیەو خەڵکی بێکار نەماوەو کرێکاری عەرەب دەهێنرێنە ئەو هەرێمەی کە بەهەشتی خوایە بۆ بەرپرسە کوردەکان.
ئەگەر هەنجەت و پاساوی حکومەتی کوردی پێشتر بۆ شاردنەوەی کۆچی ئەو گەنجانە ئەوە بووبێت کە روشی عێراق و کوردستان خراپەو حکومەتی کوردیش هێشتا ساوایە و ناکرێت ڕێگا لە خەڵك بگیرێت کۆچ بکەن، دەبێت پاساوو هەنجەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا چیبێت؟
لەکاتێکدا رۆژانە بەسەدان لاوی کورد ئەو وڵاتە جێدێڵن و لە دوای خۆیان هەناسەیەکی ساردو حەسرەتێکی ئەبەدی جێدێڵن.

## وڵات بەدرۆ بەڕێوە ناچێت

ئەگەر بمانەوێت راشکاوانە بدوێین و قسەیەکی حەق بکەین، دەبێت نەترسین و بڵێین لە ماوەی (15) ساڵی رابردوودا، وڵات بەدرۆ بەڕێوە چووە، چونکە پێدەچێت دەسەڵاتی کوردی تاکە دەسەڵات بووبێت لە هەموو دونیادا ئەو ماوە زۆرە بەدرۆ کارەکانی خۆی بەڕێوە بردبێت، چونکە بڕوانن لە یەکەم رۆژی دوای راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا کێشەکانی ئێمە هەر وەکو خۆیەتی، بگرە کێشەکان کەڵەکە بوون و زۆرتریش بوون، بەڵام کەمتر نەبوونەتەوە، زەحمەتە تاکە کێشەیەك بدۆزینەوە لە رۆژی دوای راپەڕین هەبووبێت، ئێستا نەمابێت و چارەسەر کرابێت، تەماشای کێشەی کارەبا بکەن! ئەی کێشەی بەنزین و غازو نەوت؟ کێشەی گرانی وکەمی مووچەی فەرمانبەران! کێشەی نیشتەجێبوون و گرانی کرێی خانوو! کێشەی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان و نەبوونی ئاسایشی ئابووری و زەمانەتی تەندروستی! کەواتە ئایا وڵات بەبەڵێن و قسەی گەورە بەڕێوەدەچێت؟
فەلسەفەی(گۆبڵز)ی لە درۆکردن ئەگەرچی ماوەیەك خەڵك سڕ دەکات، بەڵام شکستی گەورەی بە دواوەیە، بەڵام رەنگە لە کوردستاندا ماوەیەکی پێوانەیی تۆمارکردبێت و (15) ساڵی خایاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ ئەو فەلسەفەیە ئاشکرا بووەو پووچ بۆتەوە، ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێم هیچ فەلسەفەیەکی تری لەو شێوەیە شك دەبات بۆ ئەوەی دە پازدە ساڵی تریش خۆی پێوە خەریك بکات؟ یا ئەوە چرکە ساتی حەقیقەتەو دەبێت حکومەت دان بەوە دابنێت کە چیتر کار بەو شێوە بە بەڵێن و گفتی خۆش بەڕێوە ناچێت، خەڵك ئەمڕۆ کاری لەحکومەت دەوێت و دەیەوێت ببینێت چۆن قسەکان دەگۆڕێن و دەبنە کارو کردەوە.
بەراستی ئەو سەردەمە بەسەرچوو حزبی کوردی بە سەدام حسین گەنجان بترسێنێت و بڵێت بەدیلی من حکومی سەدامی دیکتاتۆرە، ئەو رۆژانە بەسەرچوو چیتر حزبی کوردی، حکومەتی کوردی بتوانێت گەمە بەهەست و سۆزی خەڵك بکات و بەدروشمی باق و بریقدارەوە خەڵك فریو

بدات، چونکە ئێستا چرکەساتی حەقیقەتەو کاتی راشکاوییەو حکومەت دەبێت دان بەوە دابنێت تا ئێستا لە پێناو بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی خۆیدا کاری کردووە، لەمڕۆ بەدواوە دەبێت لە پێناو خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی کار بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە بەرپەسان بێ ئەوەی رەچاوی ئەو دۆخە سەختە بکەن کە گەنجان تێیدا دەژین، بێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە گەنجان لە چ رەوشێکی خراپ و ناخۆشدا گوزەران دەکەن، شەرم ناکەن و باسی بەهەشتی کوردستان دەکەن شەرم ناکەن و باسی نەبوونی ئینتیما دەکەن لەلای گەنجان! شەرم ناکەن و گەنجان بەنەزان و گێل و کاڵفام و تێکدەر ناودەبەن! لەکاتێدا بەرپرسی سەرەکی ئەو دۆخە سەختەی ژیانی گەنجان، خودی ئەو بەرپرسانەو سیاسەتە چەوتەکانیانن.

لەکاتێکدا دەبێت ئەوە بزانن کە کۆچی گەنجان بۆ هەندەران هۆکار نیەو کارێکیش نیە بەبێ هۆکار بێت، بەڵکو ئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوتەیە کە سیاسەتمەدارو بەرپرسانی کورد لە ئاستی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی پیادەی دەکەن. ئەوە رۆحی هەڵگەڕانەوەیە کەوا لە گەنجێك دەکات بەهەشتی بەرپەسان جێبێڵێت و روو بکاتە وڵاتێك کە تەنیا ئەوەندەی دەداتێ هەست بەوە بکات هاووڵاتییە، لە کاتێکدا دوای (15) ساڵ لە حکومی کوردو حزبی کوردی تا ئێستا هەستی هاوڵاتیبوون لە نزمترین ئاستدایە، چونکە بە هاووڵاتیبوون بەرلەوەی چەمکێکی سیاسی بێت، پرۆسەی هاوسەنگی و یەکسانیبوونە لەبەردەم یاسادا، پرۆسەی رەخساندنی دەرفەتی یەکسانە لەبەردەم هاوڵاتییاندا بۆ ژیان، لەکاتێکدا لە کوردستان بنەماکانی هاوڵاتیبوون بوونیان نیە، نەوەکو پڕۆسەکە بەگشتی.

## ***حکومەتی کوردستان و بنەماکانی دادپەروەری***

یەکێك لەو بنەمایانەی کە دەبێتە هۆی ئەوە هاوڵاتیان بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی بە حکومەت و سیاسەتی رەسمی و گشتی حکومەت ببەستێتەوە، بوونی بنەماکانی دادپەروەرییە لە نێو سیستەمی سیاسی و حکومڕانیدا، ئەوەش شتێکە لە کوردستاندا بوونی نیە. نەبوونی دادپەروەری هەر تەنیا کێشەیەکی ئەخلاقی نیەو حکومەت لێی بەرپرسیار بێت، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیشە، چونکە کاتێك حکومەت دەرفەتی گەورەو مەزن لەبەردەم سەرمایەدارو پارەدارەکاندا دەکاتەوە، کە بێگومان بەشێکی گەورەی هەر بەرپرسانی حکومی خۆیانن، ئەوە دەبێت بەو رادەیەش دەرفەتی تر لەبەردەم هاوڵاتیاندا بکاتەوە، ئەگینا تێکچوونی باڵانسی ژیان و گوزەرانی خەڵك لەبەرانبەر ئەو ژیانە هایلایڤەی بەرپرسانی حزبی و حکومی تێیدا دەژین، مەترسی دروستبوونی رق و ناڕەزایی خەڵك زۆرتر دەکات و حکومەت وەکو دەزگایەك لەدەرەوەی کۆمەڵگا تەماشا دەکرێت، ئەو جۆرە تێڕوانینەش وا ئێستا هێدی هێدی گەشە دەکات لە نێو خەڵکداو پەرەدەستێنێت، کاتێکیش دەگاتە لووتکە، ئەوە سانا نیە کۆنترۆڵبکرێت و بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی، بۆیە لە ئێستادا هێشتاترووسکاییەك ماوە ئەگەر حکومەت بیەوێت ئەو دۆخە لەوە ئاڵۆزتر نەبێت، چونکە کاتێك هاوڵاتی هەست بەوە دەکات شتێك نیە لە دەستی بدات،

ئەوکاتە مەترسی و هەڕەشە بەیەکجارەکی دەکەوێتە سەر حکومەتی هەرێم و پێم وایە کۆنترۆڵیش ناکرێت.
لێرەدا دەبێت حکومەت جارێکی تربەبنەماکانی دادپەروەری خۆیدابچێتەوە کەپێم وایە حکومەت هێشتا خاوەنی هیچ بنەمایەکی دادپەروەری نیە ئەگینا پێویست بەوە ناکات خەڵك بڕژێنە سەرشەقام و گەنجان لەدەست ئەو حکومەتەوبەهەشتەکەی ڕابکەن، بۆئەوەی حکومەت بەو بنەمایەدا بچێتەوە .
بۆیە پێم وایە حکومەت خاوەنی هیچ بنەمایەکی لەو جۆرە نیە، چونکە رۆژێك نەمانبینی ئەو حکومەتە بڕیارێك دەربکات لە بەرژەوەندی باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی گەنجاندا بێت، بێگومان رەنگە کەسانێك هەبن ئاماژە بۆ ژەند کارێکی حکومەت بکەن و یەکێك بڵێت ئەدی ئەوە نیە ئەو هەموو سەنتەرو رێکخراوە رۆشنبیری و هونەرییە دامەزراوە؟ یەکێکی تریش بڵێت ئەدی ئەوە نیە ئەو هەموو پارك و باڵاخانەیە دروستدەکرێت؟ ئەدی ئەوە نیە ئەو هەموو ئاوەڕۆیە لێدەدرێت و ئەو هەموو شەقامە قیرتاو دەکرێنەوە؟ لەوەڵامدا دەڵێم بەڵێ ڕاستدەکەن، بەڵام هەموو ئەوانە لە بەرژەوەندی حکومەت و پارەداران و پیاوانی حزبیدایە و تەنیا بەشێکی کەمی دەچێتە خزمەتی گەنجان و هیچ گۆڕانێکی ڕیشەییان لە ژیانی گەنجاندا درووست نەکردووە، ئەگینا بۆ گەنج لە دەست ئەو حکومەتە ڕادەکا؟

## ***پێوەندی نێوان پێڵاوو وڵات***

گەنجانی کوردستان کاتێك ڕوو لە هەندەران دەکەن، باش ئەوە دەزانن لێرەدا دەبێت وەکو قوتابییکی بچووك بخوێنن، چونکە ئەندامی ڕێکخراوی حزبی نین. دەبێت وەکو فەرمانبەرێکی بچووك دابمەزرێن، چونکە ئەندامی حزب نین. دەبێت وەکو پیرەمێردێکی بچووك خانەنشین بکرێن، چونکە پیاوی حزبی نین. باش دەزانن ژیانی ئەوان بریتییە لە بچووکی، بچووکێك لە ئاست کۆمەڵێك پیاوی گەورەی حزبدا. بۆیە ئەگەر وڵاتێك گەنجانی خۆی بچووك بکاتەوە لە ڕێکخراوێکی حزبیدا و پیاوەکانی خۆی بچووك بکاتەوە لە ڕێکخراوێکی حزبیداو ئافرەتانی خۆی بچووك بکاتەوە تەنیا لە بۆنەو موناسەباتەکانی حزبدا بە جلی کوردییەوە پیشانی پیاوانی دەسەڵاتدارانی خۆی بدات، ئەوە وڵات نییە، بەڵایە! بەڵاش وەکو ماغوت گوتەنی دەبێت لە ڕوانگەی پێوەندی بە پێڵاوەوە تەماشا بکرێت، بۆیە گەنجانی کورد ئەمڕۆ مافی خۆیانە بپرسن چ شتێك ئەوان بەو وڵاتە دەبەستێتەوە جگە لە پێڵاوەکانیان نەبێت! پێڵاو تاکە پێوەندی ماددی نێوان گەنجی کوردو وڵاتێکە دەبێت لەوە گەورەتر بێت کە هەیە.
هەستی نیشتمانپەروەری هەستێکی خۆڕسك نییە لەنێو مرۆڤدا بوونی هەبێت، هەستێکە پڕۆسەی سیاسی حکومەت درووستی دەکات، ئەو هەستەیە کە پێوەندی نێوان پێڵاوو وڵات دەگوازێتەوە بۆ ئاستێکی ترو وڵات لەوە دەردەچێت تاکە خاڵی بەریەك کەوتن و پێوەندی لەگەڵ تاك لەڕێگای پێڵاوەکەیەوە بێت، بەڵکو وڵات دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی کەسایەتی ئەوتاکەو هەستی شانازی لەلا دروستدەکات، ئەو هەستەی تا ئێستا ئێمەی گەنجانی کورد لێی بێبەشین،

بۆیە دەبێت حکومەت ئەو پرسیارە لەخۆی بکات:" بۆچی هاوڵاتیانی من هەست بە شانازی ناکەن بەوەی خەڵکی ئەو وڵاتەن؟"

بێگومان چونکە ئەو حکومەتە لە چەوساندنەوەو ناعەدالەتی زیاتری بەو کەسانە نەداوە، چونکە نەیتوانیوە سادەترین مافەکانی ژیان و هاوڵاتیبوونیان بۆ دابین بکات، بۆیە ئەگەر وڵاتێك، یا حکومەتێك نەتوانێت دوای (15) ساڵ لە ئازادی کارەبا، یا ئاو، یا بەنزین و نەوت و غاز، یا خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات، نە ئەو حکومەتەی جێگەی شانازییە، نە ئەو وڵاتەش هی ئەوەیە مرۆڤ شانازی پێوەبکات. ئالێرەوە پێوەندی نێوان پێڵاوو وڵات پتەوتر دەبێت و دەبێتە تاکە خاڵی پێوەندی، بۆیە کاتێك مرۆڤ ئەو وڵاتە جێدەهێڵێت، هیچ هەستێکی نیشتیمانپەروەری تێدا نییە تاوەکو ویژدانی ئازار بدات. بە پێچەوانەوە، لەماڵەوە خێری بۆ دەکەن، چونکە توانی بەسەلامەتی لەدەست ئەو وڵاتە دەرباز بێت، بۆیە وڵات شێوەی مۆتەکەیەك وەردەگرێت و مرۆڤ بە هیوای ئەوە دەبێت ڕۆژێك بێت وەکو خەڵکانی تر بتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات.

بۆیە، کاتێك حکومەت گەنجان بەوە تاوانبار دەکات گوایە نیشتیمانپەروەر نین، لەهەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەویش حکومەتێکە سەرکەوتوو نییە لەوەی ئەو هەستەی نیشتیمانپەروەری درووستبکات، بۆیە لە بچووکترین دەرفەتدا گەنج و ڕۆڵەکانی لە دەستی ڕادەکەن و جێیدەهێڵن، ئەو گەنجە چەندە گوناهە کە لە دەست وڵاتی خۆی و حکومەتی خۆی ڕادەکات، ئەو حکومەتەش ئەوەندە گوناهە کە بەشێك لە گەنجەکانی لە دەستی ڕادەکەن و بەشێکی تریشیان خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن بتوانن لە دەستی ڕابکەن.

تائێستا حکومەتی هەرێم یەك تاکە پرۆژەی نەبووە بۆ گەنجان، کە دەڵێم پرۆژە مەبەستم پرۆژەیەکی سەرتاسەرییە بە پێی نەخشەو پلانی پێنج ساڵی یا دە ساڵی داڕێژرابێت و پێوەری زانستی بۆ دانرابێت کە بکرێت ساڵانە دەسکەوتەکان بپێورێت، تا ئێستا حکومەتی هەرێم پرۆژەیەکی نەبووە بۆ ئەوەی یارمەتی گەنجان بدات بێنە نێو بازاڕی کار، بۆیە تاکە چارەسەری ئەو حکومەتە ئەوەیە خەڵك بکات بە پێشمەرگەو پۆلیس و چەکداری حزبی، ئەوەش لە بری ئەوەی قازانجی هەبێت، زەرەری زۆرتر بووە. حکومەت سیستەمێکی نییە بۆ بەخشینی قەرز بەو گەنجانەی دەیانەوێت پرۆژەی بچووك دروستبکەن و پەرەی پێبدەن، حکومەت پرۆژەی نییە بۆ ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێت بێنە نێو بازاڕی کار، پرۆژەی نییە چۆن مرۆڤی داهێنەرو کارا دروستبکات، بۆیە هەموو ئەو بارە گرانانە کەوتۆتە سەرشانی گەنجان، گەنجانیش ناتوانن بەرگەی ئەو بارە گرانە بگرن و ناچارن سەر هەڵبگرن.

وەکو گووتم ئەمڕۆ چرکەساتی حەقیقەتە، هێشتا درزی نێوان حزب و خەڵك، حکومەت و خەڵك، سەرکردایەتی کوردو خەڵك بچووکە، هێشتا دەرفەت ماوە ئەگەر نیازپاکی و ڕاستگۆیی هەبێت بۆ ئەوەی جارێکی تر خەڵك و دەسەڵات ئاشت بکرێنەوە، هێشتا کات بەسەرنەچووە ئەگەر حکومەت بتوانێت بیسەلمێنێت کە حکومەتی هەموو خەڵکە، نەوەکو تەنیا خەڵکی حزبی و

**پارەدارو سەرمایەدارانن لێرەدا تۆپ لە یاریگای حکومەتی هەرێمی کوردستاندایەو دواشەق لەلای ئەوە، چارەنووس و ئەنجامی کۆتایی ئەو یارییە(15) ساڵییەش بەدەستی ئەوەوەیە.**